# مستەفا چاوڕەش داوا دەکات سنوورێک بۆ پێشێلکارییەکانی حەشدی شەعبی دابندرێت



هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق چەند ڕۆژی ڕابردووو داوای بازگەی شێخ باوەی، سنووری ئیدارەی گەرمیانیان کرد، بەڵام ئاسایش ڕەتیکردەوە، ئەو بازگەیەیان تەسلیم بکات، ئەو هێزانە هاتوونەتە قەرەهەنجیر و ئاژاوەیان ناوەتەوە، مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێت، چیی دیکە ڕێگە نادەن ئەو هێزانە پێشڕەوی بکەن بۆ هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان و داگیری بکەن.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی و فەرماندەی سەربازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: کاتی ئەوە هاتووە ئیدی سنوورێک بۆ ئەو ناعەدالیەتییەی هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دابندرێت، بۆیە ئێستا خەریکی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانین، سەنگەری نوێی خەندەق لەگەڵ ئەو هێزانە لێدراوە و چیی دیکە ڕێیان نادەینێ، یەک بست پێشڕەوی بکەن، لەوەی هاتوون لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر.

لەبارەی ئەوەی ئەو هێزانە داوای بازگەی شێخ باوەی، سنووری ئیدارەی گەرمیان دەکەن و لە قەرەهەنجیر چەند جارێک ئاژاوەیان ناوەتەوە، چاوڕەش گوتیشی: لەو شوێنانەی کە هێزەکانی عێراقی لێیە، ئیدی لەوە زیاتر بیانەوێت پێشڕەوی بکەن لێیان قبووڵ ناکەین، بۆیە ئەگەر ڕێیان بدەین ئەوان دەیانەوێت کوردستان هەمووی کاول بکەن، بۆیە ئیدی بێت و بیانەوێت سنوور ببەزێنن، شەڕ دروست دەبێت. ئەو فەرماندە سەربازییە دەشڵێت: لەگەڵ جەنابی کاک مەسعوود بارزانی کۆبونەوەمان کردووە و باسمان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانمان کرد، تەواوی ڕەوشی سەربازییمان لە سەنگەرەکان تاوتوێکردووە و تەواوی میحوەرەکان ڕێکخراونەتەوە.

لەبارەی ڕەوشی ئێستای خورماتوو ناوبراو دەڵێت: حەشدی شەعبی ئەو شارەیان کاولکردووە، ئەوەش حکوومەتی عێراق لێی بەرپرسیارە، کە بەپێی قانوون ئەو هێزانە سەر بە حکوومەتی عێراقن، بۆیە ئێستا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەگەڵ وڵاتان لەسەر خەتن بۆ چارەکردنی ئەو ڕەوشە کاولکارییەی کە ئەو هێزانە بەسەر خورماتوویان هێناوە. لەبارەی جووڵەی هێزەکانی حەشدەوە دەڵێت: حەشد زیاتر لە 60 گرووپن، هیچ تەرتیبێکی سەربازییان نییە و سەرەڕای ئەوەی بە یاسا وا دەردەکەوێت سەر بە حکوومەتی عێراقن، بەڵام هەر گرووپە و سەر بە کەسایەتێکی عێراقە، بۆیە بێسەروبەرن و کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە.




## پەرلەمانی کوردستان تاوانەکانی خورماتوو بە دۆکیۆمێنت دەکات

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کۆبۆوە و لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و گفتوگۆش لەسەر تاوانەکانی بەسەر خەڵکی دووزخورماتوو هاتووە کرا.

دوێنێ چوارشەممە 2017/12/6 لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە هۆڵی لیژنە لە تەلاری پەرلەمان، بە سەرپەرشتیی شوان شێخ ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەکە و ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا. لەسەرەتای کۆبوونەوەکە شوان شێخ ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، باسی لە دانانی بەرنامەی کاری لیژنەکە کرد و ڕایگەیاند: لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی لیژنە لەسەر ڕەوشی ئاوارەکانی دووزخورماتوو دەخوێندرێتەوە و هەروەها لەمەودوا کۆبوونەوەکانی لیژنە زیاتر لەوەی ڕابردوو دەکرێت و بارودۆخی کوردستان پێویستیی بەوەیە کە کاری زیاتر بکەین. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆگۆ لەسەر ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەو تاوانانەی بەسەر خەڵکی دووزخورماتوودا هات باسکرا. ئەندامانی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گرنگییانزانی کە هێزی چەکداری حەشدی شەعبی لە خورماتوو بچێتە دەرەوە و خەڵکی ئاوارە بگەڕێنەوە و ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە. هەر لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوەشکرا کە بە پێی ڕێککەوتنی عێراقی_ئەمریکی هێزێکی تایبەت ژیانی خەڵکی خورماتوو بپارێزێت و بە هۆی ئەوەی ئاوارەکانی دووزخورماتوو لە ژیانێکی خراپدا دەژین و قەرەبووی ماددی بکرێنەوە. لیژنەکە بڕیاریدا کە هەموو ئەو تاوانانەی بەسەر خەڵکی خورماتوودا هاتووە بە دۆکیۆمێنت بکرێن لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتی یاسایی و لە ڕێگەی دادگاوە مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە و ئەو تاوانانەش بە تاوان دژ بەخەڵکی مەدەنی بناسرێندرێن.

## سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە هەوڵێکی تیرۆرکردن ڕزگاری بوو

سەرۆکی دەزگای نووسینگەی پێنج ناسراو بە MI5ی بریتانی دوێنێ چوارشەممە 2017/12/6 ڕایگەیاند: هێزە ئەمنییەکانی بەریتانیا توانیویانە کردەوەیەکی تیرۆرکردنی تیرزا مەی ، سەرۆکوەزیرانی بریتانیا پووچەڵبکەنەوە. بە پێی هەواڵێکی کوردستان 24 پۆلیسی ئەو وڵاتە ئاشکرای کردووە کە پلانەکە ئەوە بووە کە سەرەتا بۆمبێک فرێ بدرێتە نێو شوێنی مانەوەی تێریزا مەی لە داوانگ ستریت و پاشانیش هێرشی بکرێتە سەری بۆ کوشتنی .پۆلیس ڕاشیگەیاندووە: دەزگا ئەمنییەکان ماوەی چەند هەفتەیەکە زانیاری وردیان لە بارەی ئەم پیلانە هەبووە و بەدواداچوونیان بۆ کردووە.

# دکتۆر سێس فراتزمان: پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد لە پاریسەوە دەرەنجامی سەرکەوتووی هەبوو

دکتۆر سێس فراتزمان لە وتارێکی نوێیدا لە ڕۆژنامەی ئۆرشەلیم پۆست باسی سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ پاریس دەکات و دەڵێت" هێرشە دیبلۆماتییەکان لە پاریس سەرکەوتووبوون دوای ماوەیەک ناسەقامگیر"

نووسەر دەڵێت " لە ڕۆژی دووشەممەدا دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ ئیمانویل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا قسەی کردووە و هەردووکیان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەبێت کێشەکانیان لەڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەربکەن، ئەو گفتوگۆیە سەرکەوتن و دەسکەوتی هەوڵە دیبلۆماسییەکانی ماوەی مانگی ڕابردوو بوون"

سێس ڤراتزمان لەبەشێکی تری وتارەکەیدا نوسیوویەتی: شۆفێرە سەرەکییەکانی ئەمجارەی دیبلۆماتییەتی کوردستان سەرکردەی گەنج بوون کە ئەویش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگرەکەی بوون"

هەروەها باس لە کردەوە نادەستوور و نایاساییەکانی حکومەتی عێراق کراوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و نووسەر دەڵێت: حکومەتی عێراقی دەیویست حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆشەگیربکات، فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی داخست، هێزی بەرەو ناوچەکانی کێڵگە نەوتییەکان جوڵاند و هێرشەکانی حکومەتی عێراق بوونە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆر کورد و چەکدارانی میلیشیای حەشدی شەعبی و ئەو ناوچانە لە کورد وەرگیرانەوە کە خەڵکی ئاینی جیاوازیان تێدا دەژی و لە دەستی داعش ڕزگاری کردبوون بۆ نموونە ناوچەی شنگال کە شوێنی ئێزیدییەکانە."

سێس فراتزمان باسی گەڕی کۆبوونەوە و دیدارەکانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات لە 25 و 26 و 27ی مانگی نۆڤەمبەر لەگەڵ سەفیر و کۆنسوڵی وڵاتان و لەهەمان کاتدا نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوە خەریکی دیدارو کۆبوونەوەن، پێش سەفەرەکەشیان نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی لەگەڵ دۆگلاس سلێمان باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق کۆبوونەوەو بەڵام سەردانەکەی پاریس ئاماژە و کردارێکی زۆر گرنگ بوو بەو پێیەی گەمارۆی دیبلۆماسی لەسەر کوردستان شکاند، وەستانی بارزانی و تاڵەبانی لە تەنیشت ماکرۆن و لای ئاڵای کوردستان ئاماژەیەکی زۆر گرنگە. کۆمێنتەکانی ماکرۆن کە دەیوویست بالانسی پشگیری خۆی بۆ کوردستان و عێراق بکات، بەڵام جەختی لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکردەوە بە ماددەی 140یش کە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان کە لەدوای کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقەوە، دامەزراوە کوردییەکانی لێدەرکردووە و کوردەکان ئاوارە بوون لە شوێنی خۆیان بۆ نموونە لە خورماتوو، ماڵ و شوێنی کاریان سوتێنراوەو تەقێنراوەتەوە، لەکاتی پرێس کۆنفرانسەکەی ماکرۆن لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، ماکرۆن داوای لە عێراق کرد کە گرووپە میلشیاکانی کە لە ماوەی3 ساڵی ڕابردوودا گەشەیان کردووە هەڵبوە شێنێتەوە، بە حەشدی شەعبیشەوە کە ئەوە بەرەوپێشچوونێکی گرنگە، چونکە حەشدی شەعبی کە سەدان هەزار کەس دەبن و بەهیچ شێوەیەک هەماهەنگی لەگەڵ سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناکەن، پشگیرییەکی بەرفراوانی سەرۆک وەزیرانی عێراقیان هەیەو تەنانەت عەبادی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕیک تیلەرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە هیوای وڵاتەکەو ناوچەکەی ناوی بردن کاتێک تیلەرسن وتی دەبێت میلیشیاکان بڕۆنەوە ماڵی خۆیان و ئێرانیش وەڵامی تیلەرسنی دایەوەو وتی: هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی ئافاتە دژی ناوچەکە.

لە کۆتایی وتارەکەشدا ئاماژە بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کراوە لە گرتنەبەری ڕێگەی دیالۆگ و کێشەکانی عێراق و دەڵێت: پێدەچێت دوو هەفتەی دیبلۆماسی هەرێمی کوردستان، کوردستان لە سزاکانی دوای25 ی ئۆکتۆبەر ڕزگار بکات، وە (مەسرور بارزانی) ڕۆژی دووشەممە بە (یان کۆبیشی)ی نێردەی تایبەتی یوئێن بۆ عێراقی وتووە " هەرێمی کوردستان هەموو هەنگاوەکانی بۆ دەستکردن بە دیالۆگ ناوە" فراتزمان دەڵێت: هەتا ئێستا خواستی عێراق ڕوون نییە بەوپێیەی عێراق هەڵبژاردن و کاری زۆر زۆری لە پێشە بۆ ئەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە دابین بکات، هەروەها ملیۆنەها ئاوارەی ناوخۆی هەیە دەبێت بگەڕێنەوە سەر ماڵەکانی خۆیان دوای شەڕ، هەزاران ژنی ئێزیدی ماون کە تائێستا لە ژێر دەستی داعشن.

## سکۆتلەندا 100 ڕاوێژکاری سەربازی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکات

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (یوکەی دیفێنس جۆرناڵ)ی سکۆتلەندی، ئەو 100 ڕاوێژکارە سەربازییەی سکۆتلەندا لە بوارەکانی مەشقی سەربازی، کارامەییەکانی هێزی پیادە، بەهاناوەچوونی خێرای پزیشکی و پووچەڵکردنەوەی بۆمب، هاوکاریی پێشمەرگە دەکەن. ئەو100 ڕاوێژکارە، ئەفسەر و سەربازی کەتیبەی دووەمی فەوجی شاهانەی سکۆتلەندین و بۆ ماوەی شەش مانگ مەشق بە پێشمەرگە دەکەن. ناردنی ئەو هێزە لە سکۆتلەنداوە بۆ کوردستان ، هاوکاتە لەگەڵ سەپاندنی چەندین گەمارۆی سیاسی، ئابووری و سەربازیی بەسەر هەرێمی کوردستان لە لایەن عێراقەوە. سکۆتلەندا، کە هەرێمێکی پێکهێنەری بەریتانیای گەورەیە، هاوشێوەی هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا، بەڵام پێچەوانەی هاووڵاتییانی کوردستان، کە لە 25ی ئەیلوولی 2017 زیاتر لە 92%یان دەنگیان بە سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراقدا، زۆرینەی هاووڵاتییانی سکۆتلەندا داوای مانەوە لە چوارچێوەی بەریتانیایان کرد .

# فۆکس نیوز: مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا دەڵێن ناتوانین بێ پارێزەری نێودەوڵەتی لە ناوچەکانمان بمێنینەوە



پەیامنێری فۆکس نیوز چۆتە گوندی بەحزانییە مەسیحییەکان لە دەشتی نەینەوا و لە ڕاپۆرتیکدا باس لە خراپی باری گوزەرانی مەسیحییەکان دەکات لەو ناوچەیەو کە سەرەتاییترین پرۆژەی خزمەتگوزارییان نیەو قەشەی کەنیسەی بە باوکە ئەفرام بە فۆکس نیوز گوتووە ژیانی مەسیحییەکان لە عێراق زۆر خراپە و دەڵێت: دەتوانن ببینن چۆن گوندەکەیان پشتگوێ خستووە، ناوچەکە زۆر پیسەو ئاومان نییە، کارەبامان نییە، تەنانەت مارکێتێکیش لێرە نییە، من نازانم خەڵکی ئێمە چۆن بتوانن ئاوا بژین ڕەنگە ماوەی چەند مانگێک بمێننەوە بەڵام دواتر هەموویان هەوڵ دەدەن ببنە پەنابەر و بڕۆن، حکومەتی عێراقی دەبوایە بیویستایە ئێمە بمێنینەوە بەڵام هیچ ناکات"

پەیامنێری فۆکس نیوز باس لەوە دەکات کە پێشتر پێشمەرگە پاراستن و سەلامەتی بۆ دابین کردبوون، بەڵام دواتر ناوچەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە کۆنترۆڵکرایەوە و خەڵکی زۆر دەترسن، خاڵی پشکنینی نوێ هەیە و دەترسن لە هەر کاتێکدا شتێکی نوێ ڕووبدات، داعشیش تەواو نەبووە و قەشەش دەڵێت لەوانیە دیسان بەرەو تاریکی ئاراستە بین.

# پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق کێشە لە نێوان عەبادی و مالیکی دەنێتەوە

نوری مالیکی، سەرۆکی حزبی دەعوە، کەسێکی نزیکی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دادەنێت، چاوەڕێش دەکرێت حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕەتی بکاتەوە.

نەدا مێرگەسۆری، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە خەباتی ڕاگەیاند: پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆن بووەتە گرفت لە نێوان لایەنەکان، پێشووتریش پارتی دیموکراتی کوردستان هۆشداری لە داگیرکاری کۆمسیۆن لە لایەن گرووپی نووری مالیکی و حەنان فەتلاوییەوە دابوو کە ئەندامانی خۆیان بردووەتە کۆمسیۆن و پۆستی باڵایان پێداون .ئەو پەرلەمانتارە ، ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەوان هەر ئەوکات هەڕەشەی کشانەوەیان کرد و قبووڵیشیان نەکرد بەو یاسایە هەڵبژاردنی عێراق بکرێت، چونکە لەبەرژەوەندی لایەنێک بوو.

ئاژانسە عێراقییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، نووری مالیکی بەبێ ئاگاداریی حەیدەر عەبادی، کەسێکی وەک کاندید بۆ سەرۆکایەتیکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاری کردووە ، چونکە لە مانگی ئەیلوولەوە، پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆن چۆڵە. لەمبارەیەشەوە نەدا مێرگەسۆری، گوتیشی مالیکی دەیەوێت ئەو کارە بکات، چونکە لە بەرژەوەندیی خۆیەتی، بەڵام ئەستەمە عەبادی قەبووڵی بکات .